پزیشکەکەت ئەمڕۆ بە پەلە تۆی ڕەوانەی نەخۆشخانە کردوە بۆ لێکۆڵینەوە لە نیشانەکانت. لەبەر ئەوەی ئەمە بەپەلەیە، لە نەخۆشخانەوە لە ماوەی دوو هەفتەدا مەوعیدێک بۆت ڕێکدەخسترێت. ئەمە لەوانەیە بۆ دیداری نۆرینگە بێت بۆ بینینی پسپۆڕێک یان بۆ تاقیکردنەوە و پشکنین، بۆ نموونە پشکنینی بە کامێرا (نازور).

زۆر حاڵەتی باو هەیە کە نیشانەکانت لێی بەدی دەکرێت، لەوانەش ئەگەری شێرپەنجە بێت. لە هەر 10 کەسێك کە ڕەوانە دەکرێت بۆمان، 9 کەسیان نەخۆشی شێرپەنجەیان لێ دەرناکەوێت، بەڵام، گرنگە هەر حاڵەتێکی پێویست بە چارەسەرکردن لە پێشوەختە دەستنیشان بکرێت.

تۆ لە ماوەی چەند ڕۆژی داهاتوودا لە نەخۆشخانەوە ئاگادار دەکرێیت بۆ ئامادەبوون بۆ مەوعیدێك. پەیوەندی بکە بە پرسگەی نۆرینگەی پزیشکەکەت (GP) بەو ژمارەیەی کە لەم نامەیە نووسراوە ئەگەر لە ماوەی 10 ڕۆژدا هیچت نەبیست سەبارەت بە مەوعیدەکەت. هەموو هەوڵێك بدە بۆ ئامادەبوونت لەم مەوعیدەدا.

لەوانەیە پێویستت بە چەند تاقیکردنەوەیەک ببێت لە نەخۆشخانە کە یارمەتی پسپۆڕەکەت دەدات بۆ تێگەیشتن لەوەی کە لەوانەیە هۆکاری نیشانەکانت چی بێت. لەوانەیە هەر یەکێك لەم تاقیکردنەوانەی خوارەوە بۆت ئەنجام بدرێت:

- تاقیکردنەوەی خوێن
- تاقیکردنەوەی تیشك (X-ray)
- تاقیکردنەوەی تیشکی جۆری (CT یان MRI)
- تاقیکردنەوە بە کامێرا (نازور)

پێش وەختە پێت دەگوترێت ئەگەر پێویستت بە پشکنینی کامێرا یان تاقیکردنەوەی تیشک هەبێت، کەواتە تکایە هەر ڕێنماییەک کە پێت دەدرێت پەیڕەوی بکە. لەوانەیە لە هەمان ڕۆژدا ئەنجامی تاقیکردنەوەکان پێت بدرێتەوە. پسپۆڕەکە دەتوانێت زانیاری و ئامۆژگاری زیاترت پێ بدات سەبارەت بە هەنگاوەکانی داهاتوو.

ئەگەر ئارەزووت کرد، بۆت هەیە هاوڕێیەك یان ئاندمێکی خێزانت لەگەڵ خۆت بهێنیت. ئەمە ڕەنگە یارمەتیدەر بێت لە کاتی گفتوگۆ کردن لەگەڵ کارمەندەکانی تەندروستی. ئەگەر هەر نیگەرانیەك یان پرسیارێکت هەبێت سەبارەت بە ڕەوانە کردنەکەت، تکایە پەیوەندی بە پزیشکەکەتەوە (GP) بکە.

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە ڕەوانەکردنی بە پەلە، تکایە سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە:

http://www.cancerresearchuk.org/cancer-symptoms/what-is-an-urgent-referral

لە کاتی چاوەڕوانی مەوعیدەکەتدا، وا چاکترە کە هەوڵ بدەیت بەردەوام بیت لە چالاکیە ئاساییەکان/ڕاهێنانەکانت. ئەگەر چارەسەری زیاترت پێویست بێت، بەشێکی گرنگی چارەسەرەکەت بۆ پەرەپێدانی چالاکیە وەرزشیەکانت دەبێت - بۆ نموونە وازهێنان لە جگەرەکێشان و بەرزکردنی ئاستی ڕاهێنانەکانت.